یانەکان و فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئیسپانیا دیانەوێت ریاڵ مەدرید سزا بدەن

یانەکان و فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئیسپانیا دیانەوێت ریاڵ مەدرید سزا بدەن، لەسەر ئەوەی یانەیە فشار لەسەر ناوبژیوان دروست دەکات.

تێڵی وەرزشی ریلیڤی ئیسپانی ئاشکرایکردووە، زۆربەی یانەکانی خولی ئیسپانیا و کۆمەڵی لالیگا و فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئیسپانیا دیانەوێت سنورێک بۆ ریاڵ مەدرید دابنێن، بەوایان وایە ئەو یانەیە بەردەوام ناوبژیوانان تەمەتبار دەکات و لە بیارەکانیان ناڕازییە، لە رێگای میدیاکانیشەوە فشار لەسەر ناوبژیوانان دروست دەکات.

خەرخە پیکێن رۆژنامەنووسی ئیسپانی رایگەیاندووە، زۆربەی یانەکانی تۆپی پێی ئیسپانیا لەدژی مەرینگی یەکیان گرتووە و دیانەوێت سزا بدرێت..

ریاڵ مەدرید بەردەوام لە رێگای کەناڵی فەرمی یانەکەی پێش یاریێکان و دوای یاریێکان قسە لەبارەی بیارەکانی ناوبژیوانانی یاریێکانی دەکات، هەندێکجار هەرش دەکاتە سەر بەشێک لە ناوبژیوانانی

لالیگا، ئەم کارەش کاریگەری لەسەر ئاستی ناوبژیوانەکانی خولەکە دروستکردووە.